## نەخشەی موكریانی كوردستان

لە رابردوویەكی نەك دووردا نەخشەی شارەكانی كوردستان هەر ئەوانە بوون كە سوپای وڵاتانی داگیركەری كوردستان بۆ زاڵبوون و دەست بەسەرداگرتنی خاكەكەمان دەیانكێشا یاخود ئەوانەی وا گەڕۆكی بێگانە لێرە و لەوێ بە نیوەچڵی ئامادەیان دەكرد – بۆ نموونە، كارەكانی ژاك دومۆرگان سەبارەت بە موكریان.

ئێستا بەختەوەرانە رۆڵەكانی گەلی كورد پێگەیشتوون و بە چەكی زانستەوە هاتوونەتە گۆڕەپانێك كە هی كوردە و بۆ كوردە و تەنیا دڵسۆزانی كوردیش واهەیە بە شێوەی هەمەلایەنە و بە ئامانجی خزمەت بتوانن پێكی بێنن.

كاری رێزدار سولەیمان چووكەڵی بەناوی "نەخشەی سیاسی و دێموگرافی موكریانی كوردستان" كە بە سێ زمانی كوردی، ئینگلیزی و فارسی لەساڵی 2007 دا بەرهەم هاتووە، لە بواری خۆیدا كارێكی سەركەوتووی گەلێك بەكەڵكە. نەخشەی كاك سولەیمان هەموو شار و گوندێكی موكریانی لە لێوار گۆلی ورمێوە هەتا سنووری عیراق دەگرێتەوە و بریتییە لە شنۆ، نەغەدە، مەهاباد، میاندواو، بۆكان، سایین قەڵا، تكاب، سەردەشت و خانێ(پیرانشار).

هەموو ئەو شارانە، بە گوند و چیا و رووبار و ڕێگاوبانەوە نەخشەیان كێشراوە، خشتەی دانیشتوانیان بۆ ئامادە كراوە و زانیارییەكی پوخت بەڵام بەبەڵگە سەبارەت بە مێژوو و پێكهاتەی دانیشتووانی شار و ناوچەكان بە هەر سێ زمانەكە ئاراستە كراوە و بەگشتی، سەرەڕای هەڵوێستی دڵسۆزانە و كوردپەروەرانە، هەموو كارەكانی بە شێوازێكی زانستی و پرۆفیشناڵ كراون. ئەم كارە جێگەی دەستخۆشییە و هیوادارم كورد، خەمخۆری لێزان و زانای وەك كاك سولەیمانی زۆر بێت.

ئەوەندی من بزانم نەخشەكە كەوتۆتە بەر هێرشكاریی رەگەزپەرستانی تورك و ئەوەش سەرەڕای ئەو راستییەی كە ئامادەكاری نەخشەكە لەكاری خۆیدا شێوازی زانستی رچاوكردووە و نە خاكی كەسی داگیر كردووە و نە مافی كەسی پێشێل كردووە.

بە داخەوە، نەخشەكە شاری سەقز و بانەی نەگرتۆتە بەر، لەكاتێكدا ئەو دوو شارە كورد نشینە بەشێكن لە موكریان.

نەخشەكە، لە لاپەڕەی یەكەمی ماڵپەڕەكەدا ماوەیەكی زۆرە دانراوە: